کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-11-2007 21:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند پیرۆزبوو ئەو ڕۆژەی لەدوای تەرمەکەتەوە ئەڕۆیشتم ... خاڵەحەمە

چەنە پیرۆز بوو ئەوڕۆژەی شار بەدوای تەرکەمەتا، بێدەنگ بێ چرپە دەڕۆشت و تۆش بە مەرگی پیرۆزی خۆت مژدەی هەڵهاتنتی ڕۆژێکی نوێت بەبێدەنگی ئێمەئەدا، چەند پیرۆز بوو ئەو ڕۆژەی شار دەستاو دەست و شانەو شان تەرمی پیرۆزی تۆیان ئەگواستەوە بەرەو گۆڕستان، جەللادەکانیشت لە بێدەنگی هەوادارانت تۆقیبوون، هەرلەوڕۆژەوە کە تۆی ڕامان پاک و گفتار پاک کردار پاک لەتەک هاوڕێکانتا بڕیارتاندا (کەم بژین و کەڵ بژین) سەدان و هەزاران چراتان لەبەرهەیوانی ماڵەهەژارەکاندا داگیرسان، قوتابخانەکانتان پڕکرد لەو واتایەی کەمکەس ئەیتوانی خۆشی نەوێت، هەرئێوەش بوون نیشانەی سەروەری و گەورەیی کورد کەهیوابەخشی ڕۆژێکی نوێ بوون، هەر ئێوەش بوون کەشیعرتان لەئامێزی گەرموگوڕی دڵداریەوە گواستەوە بۆ ناوسەنگەری کوردایەتی و بێ بەشتان نەکردین لەخۆشەویستی...



ئەم شیعرەش پێشکەشە بە گیانی پاک و پیرۆزی هەرسێکتان کاکە (شەهاب، جەعفەر، ئەنوەر) (شەهید شەهاب) )

********

ئەوگزنگەی
هەواڵی مەرگی تۆی هێنا
بەشاری ووت
هەر خۆی نەبوو
3 سێ هەڵۆ بوون
یەک لەدوای یەک
بەرەو ژووری سێدارەوە مەرگ
پێدەکەنین
بە جەللادو مەرگیان ئەووت
ئێمە ئەمڕۆ
ئەو دەرگایە ئەکەینەوە
چەندان ساڵە
بەڕووی کوردا داخراوە
ئێمە ئەمڕۆ
ئەو ڕێگایە بەستراوە
ئەیبەینەوە بەرماڵەکان
ئەو ئاگرەش هەڵدەکەینەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێی ئەترسان
ئەو سروودەش ئەڵێنەوە
ئێوەی دوژمن
رۆژێ دابێ
لە کوردستانمان دەربچن
لە کوردستانمان دەربچن..

ئەم سێ هەڵۆیەی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کورد) ڕژێمی پاشایەتی ئێران لەڕۆژی 976/1/1 بە باڵبەستراوی دایەوە دەست ڕژێمە خوێنخۆرەکەی (سەدام)، لە ڕۆژی 976/7/11 دا فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆدەرکرا و لە بەرەبەیانی 976/11/21 دا ئەو ترسنۆکانە لە سێدارەیان دان، بەڵام دەبێت دوژمنانی کورد چاک ئەوەبزانن تاکوردێ مابێت ئەوانیش هەن و ئەژین ملوێنەها ڕۆڵەی وەکوو خۆشیان بەجێهێشتوە، نەمری بۆ گیانی پیرۆزی هەرسێکیان.

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.